# بیرن دەکەینە بەغداد.....

جەمال کۆشش

27.9.2007

چیرۆکی مەڕە ڕەشەکە سویسرای هەژاند, حزبی خەڵکی سویسرا SVP , بەم پلاکارتە کە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان بڵاویکردەدەوە, پلاکارتەکە سێ مەڕی سپی لەسەر خاکی سویسرا وێنەکێشاوە لەحاڵەتی پاڵنانی مەڕێکی ڕەش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی سویسرا, ئەگەر دەتانەوێت سویسرا ئاسایش بێت دەنگ بدەن بەحزبی ئێمە....لەبەرامبەردا زۆربەی لایەنەکان هاتنە دەنگ و جۆرەها مەڕ و گیانەوەر وێنەکێشران. سەرۆکی حکومەت کە ئێستا سەربەحزبی سۆسیال دیموکراتە ووتی::پێویستە چۆرگ =((شتێك دەخرێتە دەمی سەگ بۆ گاز نەگرتن ))بخەینە دەمی حزبی خەڵکی سویسرا. وە ڕسمی بچووکی هتلەر لەسەر لووتی بلۆخەر کە ئێستا وەزیری عەدل و ناوخۆیە وبەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچکردوان سەربەو بەووزارەتەیە لەپلاکارتەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە لەسەر تەختی وێنەیەکی گەورەی بلۆخەر کە بۆ هەمان مەبەست لەکووچەو کۆڵانەکان هەڵواسرابوون چەسپاندبوو. هەڵوێستێکی ڕادیکاڵتر لەوانەش خۆپیشاندان و ئاهەنگەکانی ئەم ڕۆژانەیە کە بەڕێدەخرێ لەدژی ڕاسیزم لەسویسرا بەتایتڵی ((بیرن دەکەینە بەغدا بۆ ڕاسیستەکان)). حزبی سۆسیال دیموکرات و حزبی سەوزەکان لەو ئاهەنگ و کۆمیتانە پاشەکشەیان کردو باس و مەسەلەکانیشان لەمیدیاکانیش خاوکردەوە.

بەرەی دژی ڕاسیزم لەسویسرا بەرەیەکی بەهێزە, ترادسیۆنی ئینسانی لەنێو کۆمەڵگای سویسرا پێشینەیەکی درێژی هەیە. بەڵام ئەمانە بەس نین بۆ لابردنی بلۆخەر لەدەسەڵاتدارەتی و لەوەزارەت, کە وەك کەمپینێکی گشت حزبەکانی نێو پەرلەمان پێشتر ناسێنرا. بەلام لاچوونی بلۆخەر پێویستی بە هەنگاوی دەرەوەی پەرلەمان هەیە, پێویستی بەڕەخنەی ڕادیکاڵ و ئینسانیتر هەیە لەو گازاندانەی حزبەکانی نێو پەرلەمان هەیانە. بلۆخەر کوڕی ماڵی ئێوەیە و سەربە خانەوادەی ئێوەیە. شەرمەزارییە بۆ دەوڵەتێك خۆی بەبێ لایەن بزانێ و جێگای ڕاسیستی تیا ببێتەوە. بەڵام سویسرا هەر بێ لایەن نیە. ئەو سەر بەدەوڵەتە دەوڵەمەندە کاپیتالیستەکانیشە. هتلەر هەر لەڕێگای پەرلەمانەوە دەسەڵاتی گرتە دەست. بۆ لابردنی بلۆخەر ڕێگایەکی تر لەپێشە. سەرشەقام گرتن و گۆڕینی دەستووری وولات کە حزبی ڕاسیستی بەرهەمنەهێنێ. واقعەن بۆ بەرگرتن بە ڕاسیزم, کۆمۆنیزم پێویستە. بەرەی دژی ڕاسیزم پێویستە خۆی بەمارکسیزمەوە گرێ بدات.